No: 4463 Sunday 6/1/2008 ٢٠٠٨/١/٦ یەکشەمە ژمارە (٤٤٦٣) ساڵی شانزەهەم

پەیوەندیی کورد – ئەمریکا .. لەنێوان ویست و حەقیقەتدا ..

ئەمریکا تائێستاش پابەندە بەیەکبوونی عیراق، لەوەش دەچێت کە هەروا بەردەوام بێت

*** زۆرجار باس لەهاوپەیمانێتیی یان دۆستایەتیی نێوان هەرێمی کوردستانی عیراق و ئەمریکا دەکرێت، هەم بەرپرسانی کوردو هەم ناوبەناو ئەمریکییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دۆستی کوردن و پشتیوانی دۆزە رەواکەیان دەکەن، ئایا حەقیقەتی ئەم دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییە – ئەگەر هەیە – چییە؟ چۆن و بەچ پێوەرو لەسەر بنەمای چ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو کوردی عیراق دۆستی ئەمریکایە یان ئەمریکا دۆستی کوردە، ئەم دۆستایەتییە لەچ دەقێکی نووسراو، یان رێککەوتننامەیەك، یان پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیدا، دیاریکراوە؟**

*** ئایا ناوەرۆکی ئەم دۆستایەتییە بنەمایەکی ستراتیژی و رەسمیی هەیە، یان تەنها بەرهەمی دیدێکی هاوبەشە بۆ هەندێ لەرووداوەکانی عیراق و رێکەوتی هەندێ بەرژەوەندیی نێوان هەردوو لایە لەعیراق و ناوچەکە؟ ئەم دۆستایەتییە هیچ پابەندبوونێکی ئەخلاقی و ئیلزامی لەبەرامبەر بەرژەوەندییەکانی هەردوولادا تێدایە یان تەنها مواکەبەکردنی کوردە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو خۆگونجاندنە لەگەڵ ویستی ئەم هێزە جیهانییە؟**

*** ئایا سەرکردایەتی کورد چۆن دەروانێ ئەم دۆستایەتییە، تاچەند جێی دڵنیاییەو دەکرێ گرەوی لەسەر بکرێت، ئەی تا چەند دۆستایەتییەکی بێ ئاسۆو بێ ئایندەیە؟ ئاخۆ لەبنەڕەتدا میکانیزمی بوونی ئەم دۆستایەتییەو مەرجەکانی درێژەکێشانی چییە؟**

***ئایا کورد جگە لەئەمریکا هیچ هێزێکی تری جیهانی هەیە پشتی ببەستێ بۆ پشتیوانیکردن لەماف و داواکارییە سیاسییەکانی لەعیراقدا؟ ئایا کورد هیچ کارت و خاڵێکی هێزی هەیە کە ئەمریکا پابەند بەو دۆستایەتییە گریمانەکراوەوە بکا کە لەگەڵ کورددا هەیەتی؟ ئەگەر ئەمریکییەکان دۆستی تری جێی متمانە لەعیراقدا بدۆزنەوە ئایا قورسایی سیاسیی کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا چی لێ بەسەر دێت؟**

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکییەکان رۆژێك پشت لەکوردو دۆستایەتیکردنی بکەن؟ ئایا لەچ دۆخێکدا ئەو پشتێکردنە رووەدات ؟ پلانی کورد چییە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە ئەگەرانەدا ؟ ئایا کورد حسابی بۆ ئەو ئەگەرە کردووە کەدەشێت ئەمریکییەکان، لەبەر هەر هۆیەك بێت، پێویستبوونیان بەدۆستایەتیکردنی کوردی عیراق پاشەکشەبکات؟ ئایا بۆئەوەی بەرچاوی رووتتر بێت لەسیاسەتکردندا، سەرکردایەتیی کورد پێویستی بەساغکردنەوەی حەقیقەتی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا نییە؟ ئایا پێویستی بەوە نییە دۆستایەتییەکەی بباتە ئاستێکی ستراتیژی و لەوەش بکۆڵێتەوە کەچۆن دەیباتە ئاستی ستراتیژییەوەو بەچ شێوەیەك؟**

*** ئایا پێگەی کورد لەناو رێکەوتننامەی ستراتیژیی ئەم دواییانەی نێوان عیراق و ئەمریکا چییە؟ حسابی چیمان بۆ کراوەو دیدی ئەمریکا بۆ کورد لەچوارچێوەی عیراقدایە یان تایبەتمەندیی خۆی پێدەدرێت؟**

سکرتێری نووسین

د.بورهان یاسین

بەشداربووی دووەم: لێکۆڵەر- د. بورهان یاسین

١-٣

* راستتروایە بڵێین لەچەند ساڵی دواییدا پەیوەندییەکی قاڵبنەگرتوو لەشێوەی بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا لەنێوان کورد لەعیراق لەلایەك و ئەمریکا لەلایەکی ترەوە هەبووە. هەر بەم مانایەش بەکاربردنی چەمکی هاوپەیمانی بۆ حاڵەتی پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا ئەوەندە گونجاو نییە. لەڕاستیدا جگەلەوەی کە وشەی هاوپەیمانی بۆ حاڵەتی ئەو پەیوەندییانە لەنامەکەی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا کۆلن پاول، ناردراو بەرێکەوتی(٢٠٠٢/١٠/٤) بۆ پەرلەمانی کوردستان و دووبارەکردنەوەی ئەو وشەیە لەلایەن هەندێك بەرپرسی ئەمریکا لەپلەی بەرپرسی هەندێك نزمتر، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی رەسمی یا بەڵگەنامەیەکی دووقۆڵی مۆرکراو لەلایەن دوو لایەنی رەسمی کوردی و ئەمریکی لەئارادا نەبووە .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەلایەنی کوردی زیاتر پێی لەسەر ئەو پەیوەندییانە داگرتووەو بەهاوپەیمانی ناوبردوون و زۆرجاریش ئامادەبووە لەئاستی پرۆسەی سیاسی لەعیراقدا کەمتر پێ لەسەر داواکارییەکانی خۆی دابگرێت و بگرە دەستبەرداری هەندێك شتیش بێت(لەپێناو پاراستنی پەیوەندییەکانی) لەگەڵ ئەمریکییەکاندا.

لەم پەیوەستەدا باشترە وایە لەبری هاوپەیمانی ستراتیژی باس لەیەکانگیربوونی هەندێك لەبەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمریکا بکەین، بەتایبەتی لەهاوکاریکردنی کورد لەشەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانانی دژی رژێمی سەدام. دواتریش کاتێ ئەمریکییەکان ئەرکی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقیان خستەسەر شانی خۆیان، هاوکاری لایەنی کوردی رەهەندێکی سیاسی گرنگی وەرگرت. هەروەها هاوکاریکردنی کورد لەشەڕ دژی تیرۆر لەعیراق گرنگییەکی زێتری دا بەرۆڵی کورد. لەم پەیوەستەداو بەتایبەتی لەبابەتی شەڕ دژی رژێمی سەدام و هاوکارینەکردنی تورکیا بەئەمریکییەکان دەرفەتێکی زێترو بگرە زێرینی بەکورد بەخشی بۆ نواندنی ئەو رۆڵەی کەدەکرا تورکیا تا رادەیەکی زۆر بیبینێ و ئەو کاتەش کورد بکەوێتە پۆزیسیۆنێکی(مەوقفێك)ی تەواو لاوازەوە.

جا لێرەدا پرسیارێکی یەکجار گرنگ ئەوەیە ئایا تا کەی و تا چەند ئەو یەکانگیربوونی بەرژەوەندییانە لەنێوان کوردو ئەمریکییەکان بەردەوام دەبێ؛ ئایا یەکانگیربوونی بەرژەوەندییەکانی لایەنی عەرەبی(سوننەو شیعە) یا هەر نەبێ لایەنێکیان(بەتوندی) لەگەڵ هی ئەمریکا چەند دەتوانێ بکەوێتە دژایەتی لەگەڵ پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا، یا چەند دەتوانێ یەکانگیربوونی بەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمریکا بخاتە مەترسی جددییەوە.

دواجار، لەم پەیوەندییانەدا، بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق دەرهاویشتەی کۆمەڵێك **لەهاوسەنگی*** زۆر ئاڵۆز دەبێ، بەتایبەتی لەئاستی ناوخۆی عیراق و ئاستی ئیقلیمیدا، کەئەمە دوو ئاستەش بەکۆمەڵی هۆکار یا توخمەو بەچری تێکەل بەیەکتر دەبن(سوننەی عیراق و وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت سعودییە؛ شیعەو رۆڵی ئێران؛ کوردو رەهەندەکانی کێشەی کورد لەدەرەوەی عیراق بەتایبەتی لەتورکیا). لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئایا هاوکات لەگەڵ پێشوەچوونی رووداوەکان و پرۆسەکەدا ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکا روو لەعیراق و روو لەناوچە چ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا دێت. لەم بارەیەوە وا هەستدەکرێ کەهەندێك رووداوی هەرەدوایی لەسەر مەیدانی سیاسی لەعیراق بەتایبەتی:

١- چەکدارکردنی خێڵە سوننییەکان(ناسراو بەرابوون) کەژمارەیان ئێستا بە (٨٠) هەزار چەکدار مەزندەدەکرێ.

٢- باشبوونی بەرچاوی باری ئاسایش لەعیراق.

ئەم دوو رووداوە گرنگن و دەکرێ کاریگەریی بخەنەسەر نەخشەی سیاسی و شێوازی بەرێچوونی رووداوەکان لەو وڵاتەو شێوەی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی ئەمریکا لەم بارەیەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم پێشووەچوونانە هەندێ ئاماژە لەئیدارەی ئەمریکییەوە هەن بەئاراستەی ئەوەی کەئەمریکا(**سەقفی سیاسی**) ئامانجەکانی لەعیراق دێنێتە خوارەوەو دواجار مەبەستی سەرەکیش لەبوونی لەعیراق وەدەستهێنانی **ئاسایش** لەو وڵاتە دەبێت. هاوشانی ئەم پێشووەچوونانە، لەناو سەرکردایەتی کورد لەباشووری کوردستان هەست بەنیگەرانییەك دەکرێت، کەدەکرێت بەشێك لەو نیگەرانییە بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو سەرکردایەتییە بۆ ماهییەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو ئەوی تریشی بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی سەر مەیدانی سیاسی لەعیراق کەئەگەری لێدەکرێت کاریگەریی نەرێنی(نێگەتیف) لەسەر ئەم پەیوەندییانە دابنێ.

هاوکات ئەو نیگەرانییە لەکاتێکدا دێت کە رووبەڕوونەوەیەکی جددی لەنێوان حکومەتی باشووری کوردستان و حکومەتی بەغدادا هاتۆتە ئاراوە، کەبەبۆچوونی من تەسککردنەوەی ئەم قەیرانەی کورد لەگەڵ بەغدا لەرۆڵی ئەمریکا لەعیراقدا هەڵەیەکی کوشندەیە. راستییەکەی ئەو قەیرانە بەر لەهەر شتێك دەربری چەند شتێکە، وەك بۆ نموونە :

١- تا رادەیەك هەڵگەرانەوە یا سڵکردنەوەی لایەنی عەرەبی لەمافەکانی کوردو ئەوەی ئەو لایەنە خۆی زووتر لەشێوەی دەستورو زۆر بەڵگەنامەی تر لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەعیراق دانی پێداناوە. ئەو چارەنووسەی مایددەی(١٤٠) دەستووری پێگەیشتووە بەڵگەی هەرەبەرچاوە.

٢- ناراستگۆیی سەرکردایەتی کورد لەخوێندنەوەو ناساندنی شتەکان **وەکو کەهەن**، نەك وەك ئەو سەرکردایەتییە خۆی حەز دەکات، بەخەڵکی کورد. تەنها وەك نموونەی ئەو ناراستگۆییە، لەکۆتایی پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور ئەم سەرکردایەتییە بەخەڵکی کوردی راگەیاند کە لەدەستووردا مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد چەسپاوەو هەر کاتێکیش لایەنەکانی تر پاشگەزبوونەوە لەدەستوور ئەوا لایەنی کوردی دەتوانێ سوود لەپەرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین وەرگرێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە نەئەو مافە لەدەستوور بەکورد رەوا بینراوەو نە بەو ئاسانییەیە کەکورد لەچوارچێوەی ئەو دەستوورەدا بتوانێت یا بۆی هەبێ سود لەم پرەنسیپە وەرگرێت.

٣- هەر پێداچوونەوەیەك بەپەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا، جا چ ئەو پێداچوونەوەیە لایەنی(کورد)ی بێت یان دوو لایەن(ئەمریکاو کورد)، کورت دەهێنێ ئەگەر تەنها باس لەسیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر کوردو بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بکات بەبێ هەڵوەستەوەرگرتن لەسەر مەسەلەیەکی بنچینەیی، کەئەویش پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقە، چونکە راستییەکەی ئەوەیە کەسەرکردایەتی سیاسی لەباشووری کوردستان لەسەرەتاوە لەچوارچێوەی بانگەشەی ئەوەی خۆی پێی دەبێژێت(**یەکێتی ئارەزوومەندانە**) بەقۆڵایی لەناو پرۆسەکەبووە، هەموو ئەو شتانەی کەکرأون لەم چوارچێوەیەدا ئەنجامدراون. پەمانایەکی تر بوونەوە بە بەشێك لەدەوڵەتی عیراق رێك دەربری هەر ئەو درووشمەیە(ئۆتۆنۆمی- دواتر فیدراڵی- بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراق) کەجوڵانەوەی کورد لەباشووری کوردستان زیاتر لەپەنجا ساڵە هەڵیگرتووە. کەواتە، بەواتایەکی تر، ناکرێ باس لەپێداچوونەوەی سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ کوردو پرۆسەی سیاسی لەعیراق بکەین بێئەوەی پێداچوونەوەیەکی جددیمان بەفەلسەفەی سیاسی خودی جوڵانەوەی سیاسی لەباشووری کوردستان کردبێت. ئەو پرسیارەشی کەبەپلەی یەکەم پێویستە لەپرۆسەی پێداچوونەوەیەکی ئەوهادا بکرێت ئەوەیە: ئایا لایەنی عەرەبی لەعیراق خۆی بەربەست و کۆسپە لەسەر رێگەی گەیشتنی کورد لەعیراق بەمافەکانی یان پەیوەندییەکانی ئەمریکا ئەو کۆسپ و بەربەستە پێکدەهێنن؟

*لەڕاستیدا پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا نەبەرەسمی پێناسەکراون و نەناوەرۆك و چوارچێوەی دیاریکراویان هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم کەمن ماوەیەکی زۆرە یەکێ لەو کەسانەم کەگرنگی ئەو پێناسەکردن و بەچوارچێوەکردن و ناوەرۆك پێدانەم جەختکردۆتەوە، هەتا ئەو جەختکردنەوەیە راستەوخۆ کراوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی لەباشووری کوردستان.

لەلایەکی ترەوە، ئەم پێناسەو چوارچێوەپێدانە زۆر مومکینتر بوو لەماوەی(٣-٤) ساڵی رابردوودا تا لەئێستا. لەڕاستیدا لایەنی کوردی دەرفەتێکی گرنگ و زێرینی لەدەستداوە کە تائێستا نەیتوانیوە وا لەئەمریکییەکان بکات کە لەچوارچێوەیەی لەیەکترگەیشتنێکی رەسمیدا ئەو پەیوەندییانە پێناسەو بەناوەرۆکبکرێن. بەبۆچوونی خۆم یەك شتی یان رووداوی گرنگ ماوە کە یا ئەوەتا پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا دەباتە ئاستێکی نزمترو خراپتر یان ئەو پەیوەندییانە زۆر بەرەو باشترو قوڵتر دەبات و وادەکات کەئیتر کورد بتوانێ داوای پێناسەکردن و پەناوەرۆککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بکات؛ نەك هەر ئەوە بەڵکو ئاستی **کەسایەتی سیاسی** باشووری کوردستان سەر بخرێ بۆ ئاستی سەرەوەری نەتەوەیی یا شتێکی نزیك لەو حاڵەتەو هەموو ئەوەش لەهەمانکاتدا لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دابێت. (جێی وەبیرهێنانەوەیە کەئەم بابەتەم بەشێوەیەکی دوورو درێژتر لەنووسراوێکمدا دەربارەی راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتن و هەندێك بۆنەی ترو نووسراوی تردا تاوتوێکردووە).

جا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە چییە وا دەکات کەپەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا دەباتە ئاستێکی نزمترو خراپتر. بەباوەڕی من ئەگەر چ کۆزماریەکان یان چ دیموکراتەکان حوکمداربن لەواشنتون ئەوا لەهەردوو حاڵەتدا پێویستی بوونێکی ستراتیژی ئەمریکای بەرچاوو بەر فراوان لەعیراق(بەباشووری کوردستانەوە) یا تەنها لەو بەشەی کوردستان هەیە. لەم بۆچوونەوە هەموو ئامانجەکان ئەوەمان پێدەڵێن کەئەمریکا بەئاقاری بەرهەمهێنانی هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ عیراق هەوڵدەدات. ئا لێرەدایە، جارێکی تر، مەسەلەی سەرکەوتنی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق یا سەرنەکەوتنی بەتوندی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا پەیوەندییدار دەکەن و بگرە تێکەڵاو بەیەکتریش دەبن.

بەهەرحاڵ، ئەمریکا تائێستاش پابەندە بەیەکبوونی عیراق، لەوەش دەچێت کە هەروا بەردەوام بێت، بەڵام بەمەرجێك ئەو یەکبوونە **لەداهاتووشدا** نەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا. بەباوەڕی من هەر کاتێکیش ئەو دژایەتییە دروست بوو ئەوا ئەمریکا لەگۆڕانکاریکردن لەستراتیژیەکەیدا لەم ئاراستەیەدا سلناکاتەوە، هەرچەندە ئەوە کارێکی ئاسانیش نابێت.

لەماوەی ساڵی داهاتوو(٢٠٠٨)دا ئەمریکا دەبێ هەرنەبێ شتێکی گرنگ لەعیراق بەدەستبهێنێ کەئەویش مۆگەرکردنی هاوپەیمانییەکی ستراتیژییە لەگەڵ عیراق و لەوێشدا مسۆگەرکردنی دامەزراندنی هەندێك بنکەی سەربازیی لەو وڵاتە؛ هەرچەندە لێرەو لەوێ هەندێك بەرپرسی ئەمریکی بەردەوام ئەوە جەختدەکەنەوە کەمەبەستی وڵاتەکەیان دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی نییە لەعیراق. بەبۆچوونی خۆم بۆ فەراهەمکردنی ئەو شتانە (واتە پەیماننامەی ستراتیژی و دانانی بنکەی سەربازیی) ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کەئەمریکا زیاتر گوێ لەلایەنی عەرەبی بگرێ و ئەگەر ئەوەش کراو ئەو شتانە بەرێگەی(بەغدای عەرەبییەوە) بۆ ئەمریکا فەراهەم بوون ئەوا ترسی ئەوە هەیە رۆڵی کورد زۆر کەمبێتەوە؛ لەبەر هۆیەکی زۆر ئاشکرا، ئەویش ئەوەیەکە لەمەسەلە ستراتیژی و هاوسەنگییە چارەنووسسازەکاندا عەرەب پارسەنگی بڕیاردەرە.

لەلایەکی ترەوە، هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەبێت ئەو ئەگەرەش بەکراوەیی بەجێبهێشترێت کە بەپێچەوانەی ئەو سیناریۆیەی سەرەوە، پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا لەداهاتوودا پێناسەو بەناوەرۆکبکرێن و بەئەگەری زۆریش کەسایەتی سیاسی باشووری کوردستان و سەر بخرێ بۆ ئاستی سەروەری نەتەوەیی یا ئاستێك کەنزیك بێت لەو حالەتە. دەکرێت ئەم سیناریۆیە زیاتر دەرهاویشتەی ئەو ئەگەرەبێت کەعیراق، یا راستتر بڵێین لایەنی عەرەبی لەعیراق، ئامادەنەبێت بەو پێیەی کەئەمریکا دەخوازێ و لەرۆشنایی بەرژەوەندیی و داخوازییەکانی ئەمریکادا ئەو هاوپەیمانییە ستراتیژییە مۆربکات، بەتایبەتیش رێگا بەئەمریکا نەدات کەبنکەی سەربازیی بۆ ماوەی دوورو درێژ لەعیراق دابمەزرێنێ. لەو کاتەدا یان ئەوەتا ئەمریکا باسکردن لەئەڵتەرناتیڤی کوردستان دەهێنێتە گۆرێ بۆ چاوترساندنی لایەنی عەرەبی و فشار بۆ هێنانی و بەنەتیجەش قبووڵکردنی ئەو لایەنە بۆ دامەزراندنی بنکەی ئەمریکی لەعیراق، یا ئەوەتا وەك ئەڵتەرناتیڤێکی راستەقینەو ستراتیژی، دەست بەکوردستانەوە دەگرێ و بنکە لەوێ دادەمەزرێنێ و بەم مانایەش گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەمەسەلەی یەکپارچەیی عیراقدا دەکات و بەم پێیەش دەچێ بەرەو ستراتیژی دوو پارچەیی یان سێ پارچەیی ئەو وڵاتەی کەئەمەڕۆ ناوی عیراقە. ئەوەشی کەگرنگە لەم بارەیەوە ئەوەیە کەنەك هەر ئەمریکا دەبێت کراوەبێ بۆ ئەگەرێکی ئاوا بەڵکو سەرکردایەتی سیاسیش لەباشووری کوردستان دەبێ بەعەقڵی کراوەتر لەم ئەگەرانە بڕوانێ و هەوڵی چارەسەر بۆ کێشە ستراتیژییەکان بدات.

> پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا نەبەرەسمی پێناسەکراون و نەناوەرۆك و چوارچێوەی دیاریکراویان هەیە